# نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە زمانی بانگەشەی هەڵبژاردن دا لای پاڵێوراوان

**شیلان عثمان عبدالرحمان بکر**

**بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق.**

**ئیمەیل: shelan.abdulrahman@su.edu.krd**

## پوختە:

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان، کە لقێکە لە لقەکانی نیشانە پراگماتیکییەکان پەیوەندکردنی زمان و کۆمەڵگاو کەلتورە، ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتە سەر نیشانە کۆمەڵایەتییەکانە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، بانگەشەی هەڵبژاردن پرۆسەی بڕیاردانی کۆمەڵگایە لەسەر هەڵبژاردنی پاڵێوراوێک ، لەم نیشانانە دەکۆڵێتەوە کە پاڵێوراوان بەکاری دەهێنن بۆ ناساندنی خۆیان بە کۆمەڵگە بۆ ئەوەی ڕازیکردنی دەنگدەرانیان بەدەست بێنن، کە بریتین لە: ( ناسناوی شوێن و ئاینی و هۆز و ئەکادیمی و کەسی و ...هتد ) ناسناوی هۆزو تێرە ٤٠٪ بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەری عەشیرەتگەری لەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵگا و ڕەنگدانەوەی لەزماندا، دوای ئەم بەکارهێنانەش ناسناوی ئاینی دێت کە ١٦٪ بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئاین پێگەیەکی گرنگی لەبیرکردنەوە و بڕیاردانی کۆمەڵگادا هەیە، ناوچەگەریش شتێکی وای کەمتر نییە لە ئاین ١٥٪ ی بەکارهێنانەکانە ، ڕێژەی بەکارهێنانی نیشانە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆی(١٠٠) بەربژێر ٨٣٪ بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە:

**کلیلە وشەکان:** نیشانە کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵات و هاوکاری، کەلتور



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ( نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لەزمانی بانگەشەی هەڵبژاردن لای پاڵێوراوان ) مەبەست لە (نیشانە کۆمەڵایەتییەکان) ڕەنگدانەوە و کاریگەری کەلتورە لە قسەکردندا وەک ( نیشانەی خزمایەتی( مام ، خاڵ) ، ناوی هۆز، حاجی ، شێخ، د ...هتد)

هەرچی( زمانی بانگەشەی هەڵبژاردن) ە، مەبەستمان لە ( زمان ) واتە ئەو زمانەی کە بۆ بانگەشە بەکاردێ ، بانگەشە (ریکلام ) بریتییە لەو پێهەڵدان و خۆناساندنەی کە لە کاتی هەڵبژاردن پاڵێوراوان بەکاریدەهێنن . (پاڵێوراوان) یا بەربژێری هەڵبژاردن ئەو تاکانەن کە ریکلام بۆخۆیان دەکەن بەمەبەستی دەستەبەرکردنی دەنگ لەبانگەشەی هەڵبژاردن دا، لەم توێژینەوەیەدا لێکۆڵینەوە لە لایەنی زمانی بەتایبەتی بەکارهێنانی نیشانە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێ ، کە لە پۆستەرەکانی پاڵێوراوان بەکارهاتون.

**گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:** پشت بەستنی پاڵیوراوانە بەنیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناو دەستەبەرکردنی دەنگ .

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** وەسفی شیکارییە پشدەبەستێت بە پۆستەرەکانی پالێوراوان وەک لایەنێکی مەیدانی .

**کەرستەی لێکۆلینەوەکە:** بریتییە لەو بانگەشانەی کە بەربژێران لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پێی هەڵستاون، لەم لیکۆڵینەوەیدا تەنها ئەم بانگەشانە پشتیان پێدەبەسترێ کە لەشێوەی پۆستەردان. بۆ دەستەبەرکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی نیشانە کۆمەڵایەتیەکان پشتبەستراوە بەلیستی (١٨٣) ی (پ د ک) لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی (٢٠١٨) ، لەگەڵ چەند نمونەیەکی کەمی لیستەکانیتر، هۆکار لە هەڵبژاردنی ئەم لیستە وەک داتای توێژینەوەکە بریتییە؛

١- ئاسان دەسکەوتنی پۆستەرەکان، کە کۆکراوەتەوە لە چەند ژمارەیەکی رۆژنامەی (خەبات) بۆ نمونە ٢٠١٨/٩/٢٦ ژ ٥٥٩٩.

٢- بۆ ئەوەی هیچ بەراوردکردنێک، کە شێوەی لایەنگری سیاسی پێوە دیاربێت رونەدات لەگەڵ لیستی تردا. کە لە بەهای زانستی توێژینەوەکە کەم بکاتەوە.

٣- ئەم لیستە خاوەن جەماوەرێکی هەمەجۆر و زۆرە، پۆستەرەکانیان لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی ئەم جەماوەرە دادەڕێژن .

**بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم توێژینەوە لەدو بەش پێکدێت ، لەبەشی یەکەمدا باسی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان کراوە لەڕوی کەلتور و چەمک و پێناسەو دەسەڵات و هاوکاری و جۆرەکانی کراوە. لە بەشی دووەم دا باسی فۆرمی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دەرکەوتنی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردن و بازنەی زێڕین بۆ بانگەشە لەسەر ڕەگەزەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن پەیڕەوکراوە ، ڕێژەی سەدی بۆ نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردن دەرهێنراوە.

### ١-١- نیشانە کۆمەڵایەتییەکان (Social Deixis) :

نیشانە کۆمەڵایەتیەکان لقێکە لە لقەکانی نیشانە پرگماتیکیەکان، نیشانە پراگماتیکیەکان هەریەک لە نیشانەکانی (کات، شوین، دەق، کەس، کۆمەڵایەتی) دەگرێتەوە.

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان مەبەست لەو ئاماژانەن، کە لە بەکارهێنانی زماندا پێگە و مەبەستی کۆمەڵایەتی قسەکەر یا گویگر یا باسکراو (کەسی سێیەم) نیشان دەدات .

ماثوەیس(Mattews 2007) پێیوایە نیشانکاری کۆمەڵایەتین پلەو پایەی قسەکەر یا کۆمەڵایەتی ڕەنگدەداتەوە پەیوەندی لە نێوان قسەکەر و گوێگر و هەر کەسێکی تر دیاری دەکات ڕونی دەکاتەوە ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە یا فەرمییە (شێرزاد سەبری عەلی 2014 : 176) .

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی کەلتور و کۆمەڵگە دەگۆڕیت، واتە چەندیەتی و چۆنیەتی ئەم نیشانانە بەندە بە کەلتور، هەروەها لە هەر کەلتورێکیش بەندە بە دوو هۆکار:

1- پەیوەندی کۆمەڵایەتی، واتە نزیکی و دوری پەیوەندی خزمایەتی نێوان ئەو کەسانەی بەشدارن لە قسەکردن یا قسەیان لەسەر دەکرێ .

2- چەشن و جۆری بابەتی قسەکردنەکە. (ئاڤێستا کەمال 2009: 38)

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان وەک نیشانەی زمانی حەقیقەتی کۆمەڵایەتی نێوان بەشداربوانی قسەکردن ڕوندەکاتەوە .(بەکر عمر 2014: 47) مەبەست لە بەکارهێنانی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان دەرخستنی (پلەو پایە و چین و توێژ و ئاست و رۆشنبیری و پیشەو رەگەز و تەمەن و نزیکی و دوری و خزمایەتی و یەکسانییە . ) (هۆگر مەحمود فەرەج 2000: 141 ) لە نێوان قسەلێکراو و گوێگر و گوێ هەڵخەر، لەم توێژینەوەیەدا لەنێوان بەربژێر و دەنگدەر .

### ١-٢- چەمک و پێناسەی نیشانە کۆمەلایەتییەکان :

لە روی زاراوەییەوە لە کوردیدا زاراوەی ( نیشانە ) یا (نیشانکاری) بۆ بەکارهاتووە، لە زمانی ئینگلیزی دا زاراوەی (Deixis) بۆ بەکاردێت. چەمکی بەها کۆمەڵایەتیەکان دەگەیەنێ لە ناو زمان دا ، نیشانە کۆمەڵایەتییەکان کە(جێناوە کەسییەکان و ناوی تایبەتی و ناسناو و ئەو وشانەی کە خزمایەتی یا ڕێز لێنان نیشان دەدەن ) (محمد معروف فتاح 2011: 203)دەگرێتەوە، کەرستەی گرێدانی زمان و کۆمەڵگان کە نیشانەکانی (پلەو پایەی هاوبەشەکانی ئاخاوتن دەردەخەن)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

(عبدالواحید مشیر 2011: 111)، یا( ئەو کەرستانەن کە جیاوازی کۆمەڵایەتی هاوبەشەکانی ئاخاوتن نیشان دەدەن، راستییە کۆمەڵایەتییەکان تێیاندا رەنگ دەداتەوە ) (محمد معروف فتاح 2011: 203) هەرچی فیلمۆر (Fillmor) ە پێیوایە : نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئەسپێکتانەن کە لە شێوەی پەرچەکردار یا بەشێوەی چەسپاو یا بەهۆی حەقیقەتی کۆمەڵایەتی لە کردەی قسەکردن دەردەکەون. (بەکر عومەر علی2014: 47 ) مەبەست لە حەقیقەتی کۆمەڵایەتی گرێدانی ئەم نیشانە زمانیانەیە بە کەلتور و کۆمەڵگا، واتە دەوروبەری قسەکەر و قسەبۆکراو ، (ویدسون ) پێیوایە دەوروبەر نواندنێکی ئەبستراکتە یا تێگەیەکی هزرییە، کە بەهۆیەوە ئەو گوتنەی کە قسەکەر دەیگەیەنێت بە هۆی ئەو دەوروبەرە مەبەستی رونتر دەبێتەوە ) (هدی عبدالقادر قاسم 2015 : 130).

## ١-٣- نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە کەلتوری کوردیدا :

کورد وەک نەتەوە خاوەن کەلتورێکی تایبەتە، هەرچەندە کەلتوری کوردی ئاڵوگۆری تێدایە لەگەڵ کەلتوری نەتەوەکانی دەوروبەری، کەلتور بەدەفرێک دادەنریت، کە گوفتار و ڕەفتاری نەتەوەیەک یا کۆمەڵەیەکی زمانی لە خۆدەگرێت، لاینز (پێیوایە زانیاری مرۆڤ بۆ زمانە نەتەوەییەکەی لەڕێگەی کەلتورەوە دەگوازریتەوە ، ئەم زانیاریانە بە فێرکردن ناگوازرێتەوە بەڵکو بەئینتمای تاک بۆ کۆمەڵگا دەگوازرێتەوە )(بێری یاسین حسێن :٢٠١٢، ٩٤) هەمیشە لە نێوان رەفتار و گوفتاری کۆمەڵەیەکی زمانی ئاڵوگۆڕ و کاریگەری دەبینرێت نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوە و جێگرەوەی مەبەست و ویستە کۆمەڵایەتییەکانە لە زماندا .

(رۆبەرت بیرستد) کەلتور بە هەمەکییەکی لێکدراو ناو دەبات و پێی وایە لە سێ بەش پێکدیت :

1– هەمو ئەو شتانەی لە بیری تاکەکانی کۆمەڵگادا هەن.

2– هەمو ئەو کردارانەی کەتاک بە کۆمەڵگا دەبەستێتەوە .

3– هەمو ئەو قسانەی کە تاک دەیکات لە کۆمەڵەیەکی زمانیدا. (بروانە؛ ریبین رەسوڵ و دیار عزیز 2004: 155) .

ئەوەی لە کەلتوری نەتەوەیەک پێویستە هەبێ هاوبەشی و یەکگرتوییە لە نێوان ئەو گوتانەی، کە تاک دەیکات لە کۆمەڵەیەکی زمانی دا، ئەم هاوبەشی و گرنگیدان و ڕۆڵپێدانەش لەکەلتوری کوردیدا بۆ نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ڕون و بەرچاوە، بە پێی رای (مارتنی ) وشەکانی زمان جگە لەواتای فەرهەنگی، واتای ئەو سیاقەش دەگرێتەوە کە وشەکەی تێدا بەکاردێت. (طالب حسێن 2005: 209).

بێگومان نیشانە کۆمەڵایەتییەکان وەک وشە رۆڵ دەبینن بۆنمونە وشەی (گەردی ) لە فەرهەنگدا ناوی هۆزێکی کوردییە، بەڵام کاتێ دەخرێتە پاڵ بەربژێرێکی هەڵبژاردن واتا کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکەش دەگرێتەوە، کە کۆمەڵگا نیشانی کردووە،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

(میلنەر) پێیوایە نیشانکردنی کەرستەکانی زمان یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی زمان ، چونکە نیشانکار پەیوەندی لە نێوان زمان و جیهانی دەرەوە دروست دەکات (شێرزاد سەبری 2014: 171).

لە زمانی هەر تاکێکی کۆمەڵگادا چەند تایبەتمەندیەک بەدی دەکرێ، کە ئاماژەیە بۆ ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەی تاک، کە تێیدا پەروەردەبووە یا شارەزای بووە، یانیش ئاماژەیە بۆ چین و کۆمەڵی تاکەکە. (نایف خرما 1978: ١٥٤ ) ئەو ئاماژانەش نیشانە کۆمەلایەتییەکانن، چونکە لە پاڵ مەبەستی قسەکەر چین و ئاست و ویستی بەکارهێنەرەکەی ئاشکرا دەکات، ئەمەش لە چوارچێوەی کەلتورەوە دیاری دەکرێت، بۆ نمونە بنەما کەلتورییەکە ئاستی ڕێزگرتن و بەرزکردنەوە و سوککردنی پێگەو پایە بە وشەکان دەدات کە وەک نیشانەی کۆمەڵایەتی لە زماندا بەکاردێن .

## ٤-١ دەسەڵات و هاوکاری لە بانگەشەی هەڵبژاردندا (power & solidarity):

بانگەشەی هەڵبژاردن دەچێتە بازنەی زمانی سیاسی لەڕوی مەبەست و ئامانجەوە بەرزترە لە زمانی ئاسایی، چونکە هەڵگری ئایدۆلۆژیەکی تایبەتە (عبدالواحيد موشير، شێرزاد صەبری:2013 ، 27) ئەم زمان بە زمانی دەسەڵات و هێز دادەنرێ لە کۆمەلگادا ، زمانی بانگەشەی هەلبژاردنیش دەچێتە بازنەی ئەم زمانەوە ، زمان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا تێبینیکراو و سەرنج راکێشە و هەڵگری پەیامی سیاسیە (سەرچاوەی پێشو: 172) ، کەوا دەکات رای گشتی بۆخۆی کەمەند کێشبکات بەشێکی گرنگی رای گشتیش بریتییە لە (ڕەزامەندی کۆمەڵگا )(هۆشیارمزەفەر عەلی: 2011 ، 66) ، بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی کۆمەڵگا پاڵێوراوان پشت دەبەستن بە بەکارهێنانی ئەو نیشانە زمانیانەی ، کە کۆمەڵگا هاوڕایە لەسەریان .

لە هەر کۆمەڵەیەکی زمانیدا مەبەست لە بەکارهێنانی زمان دەسەڵات نیشاندان یا دەسەڵات وەرگرتنە، بەو پێیەی لەڕێگەی زمانەوە قسەکەر دەسەڵاتی تایبەتی خۆی، کە بەجیاوازی دەزانێت لە وانیتر، نیشانی دەدات، یانیش لەڕێگەی زمانەوە ئەو تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی هاوکاریان پێشکەش دەکات، (Brown & Gilman 1960) پێیان وایە دەسەڵات و هاوکاری لە ئاخاوتنمان بەکار دەهێنین لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەک(کارگوزار، بەرگدرو، د. .... ) (http://www.sfu.ca/mcrobbie/Ling309/lecture10.). لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی کوردیدا دەسەڵات نیشاندان یا دەسەڵات وەرگرتن تەواو هەستی پێدەکرێت (دەسەڵات و هاوکاری بە گرنگترین و کاریگەرترین هۆکار دادەنرێت لە پرۆسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی راستەوخۆی نێوان تاکەکان ) (هدسن 1987: 212)، ئەم دەسەڵات نیشاندانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ناسناو و ناسناو و ناوی کەس و هۆز و شوێن و .... دەردەکەوێت .

(چۆمسکی و میتسورونا) هاوڕان لەسەر ئەوەی کە (خەڵکی گرنگی بەو تایبەتیانە نادەن، کە تیایدا هاوبەشن . بەڵکو گرنگی بەو لایەنانە دەدەن، کە جیاوازیی لە نێوانیانە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤانەیان ) (هۆگر محمود فەرەج2000: 144) ، لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بانگەشــەی هەڵبژاردندا پاڵیوراوان ئەمە پەیڕەو دەکەن کە فۆکس دەخەنە ســەر خاڵە جیاوازەکانیان یا ئەو خاڵانەی کە جێگەی گرنگی پێدانن لای کۆمەڵگە ، دەتوانین دەســەڵات و هاوکاری لە بانگەشــەی هەڵبژاردن دا دابەشبکەین بەســەر هەریەکە لە :

**١-٤-١- هاوشانی :**

لەبانگەشەی هەڵبژاردن دا بەکارهێنانی بنەمای هاوشانی بەکاراترین هۆکار دادەنرێ کە بەربژێران بەکاریدەهێنن لە بانگەشەکەیان، هاوشانی جیا لە هەریەک لە ( هاوکاری و ژێردەستی و باڵادەستی ) هاوتەریب و هەماهەنگ ترە لەروی دەرونی و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە ، چونکە هاوشانی هاتنە ڕیزی بەربژێرە لەگەڵ دەنگدەر لە ڕوی پێگەی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوە و دەوربەری کۆمەڵایەتی و ئاستی کۆمەڵایەتی ... بۆنمونە بەکارهێنانی وشەی ( خۆشناو ) هاوشانی نیشان دەدات کە بەربژێر بەکاری دەهێنێ کە جیاوازە لەوشەی ( دزەیی) کە دەسەڵات نیشان دەدات، بەو پێوەرەی هۆزی (خۆشناو) لەڕوی قەبارەوە گەورەن، هاوبەشی پێکردنی بەربژێر لەگەڵ ناوی خۆی بە ناسناوی( خۆشناو ) خۆهاوشانکردنە لەگەڵ ئەوقەبارە زۆرەی کۆمەڵگا کە خاوەنی ئەم ناسناوەن.

**١-٤-٢- هاوکاری :**

بنەمای هاوکاری لە بانگەشەی هەڵبژاردن جیا لە بنەماکانی تر داوای هاوکاریکردنە یا بەتەنگەوە چونە، لەزمانی قسەکەران لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا تەواو هەستی پێدەکرێت، پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان و خودی زمانیش لەسەر بنەمای هاوکاری دامەزراوە، لە بانگەشەی هەڵبژاردنیش ئەمە ڕونە، کە لە بنەڕەتدا بانگەشەکە بۆ هاوکاری کردنە بە پێدانی دەنگ، لە بەرامبەردا لە ڕێگەی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان و ناراستەوخۆ بە دەنگدەران رادەگەیەنێ ئەگەر دەنگدەران هاوکاری بکەن بۆ پێدانی دەنگ هاوکاریان دەکات لە بەدەستهێنانی مافەکانیان، بۆ نمونە بەکارهێنانی ناسناوی ئاینی نیشاندانی ئەم مەبەستەیە، چونکە لە کۆمەڵگادا پیاوانی ئاینی زیاتر ئەم رۆڵە دەبینن: **شێخ نیاز راغب نەقشبەندی . مەلا ئیحسان ڕێکانی.** هەریەک لە ناسناوی(شێخ ، مەلا) ڕێگەیەکە بۆ ڕاگەیاندنی مەبەستی هاوکاری لە بیری دەنگدەران .

**١-٤-٣- ستەملێکراوی**

بنەمای ستەملێکراوی لە نیشانە کۆمەڵایەتییەکاندا لەو کاتەدا دێتە ئاراوە ئەگەر باڵادەستی و زۆرداری و تاوانکردن لە کۆمەڵگادا بونی هەبوبێ، بەتایبەتی لە هەڵبژاردن و دەنگ هێنان، لەم دۆخەی ئێستای هەرێم زۆر جار بەربژێران لەرێگەی ئەم قوربانیانەی داویانە داوای دەنگ دەکەن یا بانگەشە بۆ دەنگ دەکەن، ئەمەش ڕاستەوخۆ لە هەندێ لە پۆستەرەکانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

هەڵبژاردن هەستی پیدەکرێت، ئەم جۆرە بەکارهێنانەی نیشانە کۆمەلایەتییەکان ڕەنگدانەوەی باگراوندی کۆمەلایەتی و کەلتوری کۆمەڵگایە، چونکە (چۆنیەتی واتا پێدانی زمان دەسکەوتێکی کەلتورییە تاکەکەس لەو ژینگەی کەتێیدا گەورە دەبێت وەریدەگرێت و بەکاریدەهێنی. )(عبدالصبور الشاهین1980: 88).

**موسلیم عبداللە قەسری (کوری شەهیدی ستەملیکراو عبداللە قەسری)**.

**ژیان شەهید تاهیر دۆسکی.**

بەکارهێنانی ناسناوی (شەهید*) واتای حەقبەخۆدان بۆ بەدەست هێنانیدەنگ دەگەیەنی، بەکارهێنانی ئەم وشەیە بۆستەم لێکراوی بەو واتایەی، کە ستەم لێکراو لە ئازاری ستەملیکراو (دەنگدەری ستەملێکراو) تێ دەگات.

**١-٤-٤- بالادەستی**

دەسەلات و بالادەستی لە کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتییەکان دا دیاردەیەکی بڵاوە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونی زۆرداری زولم، ئاماژەکانی دەسەلات لەزماندا بەشێوەی نیشانەی کۆمەلایەتی لەزماندا دەبینرێت، چونکە زمان وێنەدانەوەی سروشتی ئەو کۆمەڵگایە کەتێیدا بەرهەم دێت، (هەمومان زانیارییەکانمان بەهۆی زمان بەدەست هێناوە) (گێ دۆراندان 2011: 25).

لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بالادەستی تارادەیەک تێرمەکەی کورتترە بە بەراورد بە (ژێر دەستی و هاوشانی و هاوکاری ) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناسراوی ئەو پالێوراوانە لە کۆمەڵگادا، تێرمی بالادەستی بەشێوەیەکی ئاشکرا لە وشەکانی :

1- بڕوانامە : وەک (دکتۆر، پرۆفیسۆر، مامۆستای زانکۆ، ..هتد)

2- عەشیرەت : وەک (دزەیی، تالەبانی، بارزانی، ...هتد)

**قوباد تاڵبانی . لەنجە دزەیی .**

3- پیگەی ئاینی : وەک لە وشەی (شێخ ..) دەردەکەوێت وەک : **ڕێزان شێخ دلێر**

4- زۆر جاریش بالادەستی تەنها لە خودی ناوی پالێوراوەکە دەردەکەوێت جا بە هۆی ڕاگەیاندن بێ یا بە هۆی پێگەی سیاسی بێت وەک: پێشەوا هەورامی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ٢-١- بازنەی زێرین بۆ پێکهاتەی بانگەشە(Advertising Mix):

ئەم بازنەیە هەرچەندە لەبنەرەتدا بۆ ساخکردنەوەی کاڵاکان بەکاریت، بەڵام دەتوانری لە هەڵبژاردنیش پشتی پێ ببەسترێ، (کە پێک دیت لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵێ پرسیار کە دەتوانرێ بەهۆیەوە وێنەی بەرنامەی بانگەشە کردنەکە بەتەواوی بکێشرێ، ئەم پرسیارانە تەواوی پێکهاتەکانی بانگەشە کردن لە خۆدەگریت)( طاهير محسن الغالبي، احمد شاكر العسكري 2006: 129)

ئەم بازنەیە رەگەزەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە خۆدەگرێت، هەر رەگەزێک لەم رەگەزانە لە هەڵبژاردەندا رۆڵی خۆی هەیە لە بەجێهێنانی ئەم پرۆسەیە، چونکە لایەنێکی تەواوکەرە بۆ ئەم پرۆسەیە، پراکتیزەکردنی ئەم بازنەیە لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن لای پاڵێوراوان ئەمە زیاتر روندەکاتەوە .




هێلکاری پێکهاتەی بانگەشەکردن

- **کێ** (WHO) : واتە بانگەشە کار کێیە یا کێ بە پرۆسەی بانگەشەکردنەکە هەڵدەستێ ؟ لە پۆستەرەکانی هەڵبژاردندا جگە لەخودی پاڵێوراو، ئەو لیستەی کە پاڵێوراو خۆی تێدا کاندیدکردوە دەچێتە ناو بازنەی (کێ)، نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لەشێوەی ڕەنگ یا وشە یا ئامانج و دیدگا یا لەشێوەی ناوی حزبەکە، کە لە شێوە ئەکرۆنیم داریژراوە ئاماژە بە ( کێ ) دەکەن، نمونە :

**بێگەرد تاڵەبانی**

(بێگەرد) ناوی کەسی تاکەکەسێکە، گوزارشت لە کێیەتی بانگەشە کار دەکات هەروەها(تاڵەبانی) کێیەتی نیشاندەدات، چونکە ئەو کەسەی دەنگی پێدەدریت دەچێتە سەربنەچەی (مام جەلال تاڵەبانی)، جگە لەوەی پێناسەیەکی کەسایەتی ئەم


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

کاندیدە لە پۆستەرەکدا دیارە ، ڕەنگی پۆستەر جلو بەرگەکەی ئاماژەن بۆ (کێیەتی) پشت بانگەشەکە. سەیری پاشکۆی (٢)بکە.

**بۆکێ whom**: مەبەست لێی ئەو جەماوەرە ئامانجدارەیە کە بانگەشەی هەڵبژاردن دەیگرێتەوە یا ڕاستتر بڵێین مافی دەنگدانی هەیە ، بێگومان پۆستەرەکان ئاڕاستەی ئەوان دەکرێن ئەو نیشانانە بەکاردێن کە (بۆکێ =جەماوەر) گرنگی پێدەدات جا بەکار هێنانی شوێن یا هۆز ، یا براوانامە.....بێت : (خۆشناو ، بلباس ، گەرمیانی ، قساب ، مامۆستای زانکۆ..........) .

**-چی** : واتە چیەتی گەیاندن ، پالێوراو ، کە بە (کێ) لە پێکهاتەی بانگەشە ناسێنراوە مەبەستیەتی چی بگەیەنی ؟ بەشێوەیەکی گشتی مەبەستی پاڵێوراو بریتییە لە مەبەستی ئەو لیستەی کە کاندیدە تێیدا.

**بۆچی** : بریتیە لەو شتە یا مەبەستە کە (کێ) یا بانگەشەکار دەیەوێت بێگومان ویستی بانگەشەکار لیرەدا بەدەست هێنانی دەنگە. هەروەها کوێ و کەی : کات و شوێنی هەڵبژاردن دەگرێتەوە .

**چۆن :** چۆنیەتی بانگەشە کردنەکە زۆر لایەن دەگرێتەوە گرنگترین لایەن، کە لێرەدا مەبەستە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە لە پۆستەرەکانی هەڵبژاردندا چۆنیەت بەکار هێنانی نیشانە کۆمەڵایەتییەکانە لەم پۆستەرانەدا وەک (مامۆستا ، د ، هۆز و شوێن .....)

## ٢-٢- فۆرمی دەرکەوتنی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵبژاردن دا :

لە هەڵبژاردندا نیشانە کۆمەڵایەتییەکان فۆرمی جیاوازیان هەیە، هەرچەندە ئەم فۆرمانە لە زماندا بۆ مەبەستی تر بەکاردێن، بەپێی ویست و گرنگی پێدانی کۆمەڵگاش گویزراونەتەوە بۆ بانگەشەی هەلبژاردنیش، ( گرایس) وای دەبینێ کاتێ ئێمە پەیوەندی بە خەڵک دەکەین ، هەوڵدەدەین سەرکەوین لە خولقاندنی تێگەیشتن لای ئەوان، ئەمەش بۆ ئەوە دەکەین کە ئەوەی مەبەستمانە شوێنکارەکەی لەسەریان جێبهێڵین ) (جون سیر 2006: 212) ، ئەم فۆرمانە زۆربەی کات خۆیان دەبیننەوە لەو ناو و ناسناوانەی ، کە کۆمەڵگا بەهەندوەردەگرێت، ناسناو ( پێیاهەڵدان و ستایشکردن یا شکاندنەوە و داشۆرینی کەسێک کە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت) دەگرێتەوە (ساجدە عبداللە فەرهادی، پەروین عوسمان 2014: 7) دەکرێ ناسناوەکان دابەشی چەند جۆرێک بکەین وەک :

### ٢-١-١- ناسناوی ئاینی :

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی پاشخاندارە بە ئاین، لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگا ناسناوی ئاینی جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە جا چ بەهۆی لکانی ئەو ناسناوانە بێت بە ناوی زۆربەی سەرکردە نەتەوەییەکانمان، یا بە هۆی بە

گرنگ زانینی ئەم لایەنەیێ لەلایەن کۆمەڵگا، لە هەڵبژادنەکانیش ئەمە بەرچاو دەکەوێت بەشێوەیەکی ئاشکرا ناسناوەکانی (شێخ و مەلا و حاجی و قازی و موفتی ..) دەلکێن بەناوی بەر بژێرەکانەوە:

**1- شێخ :** بەشێوەیەکی گشتی ناسناوی شێخ لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگا نیشانەی دەسەلاتە، چونکە لە مێژوی کۆمەڵگەی ئێمەدا شێخەکان لە شێوەی دەربەگ لە لادێکان دەسەلاتیان هەبووە جگە لەمەش لەمێژوی کورددا بەشێوەیەکی گشتی ناسناوی (شێخ) پاشکۆی زۆرێک لە سەرکردەکانی کوردە ( شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمود، شێخ عوبەیداللەی نەهری ) کە ڕەسەنیەتی دەگەینێ ، هەروەها ناسناوی ( شێخ) بەشێوەیەکی گشتی جێگەی گرنگی پێدان و شانازیکردن و دەسەلاتە لە پاشخانی بیری کۆمەڵگادا ( شێخ جەنگی ،شێخ لاهور ، شێخ جەعفەر )، هەر لەبەر ئەمەشە، کە پاڵێوراوان وەک هێز و رەسەنێتی بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بەکاریدەهێنن نمونە :**شەمسەدین شێخ حەسەن.**

**2- مەلا :** ئەم ناسناوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا وەک نیشانەیەکی ئاینی گرنگی خۆی هەیە ، (مەلا) لەپاڵ ئەوەی کە وشەیە نیشانەشە چونکە (واتایەکی گۆڕاوی هەیە، بەپێی کەس و کات و شوێن ) (عبدالواحید موشیر دزەیی 2014 : 126) مەبەستی بەکار هێنانەکەی بەپێی دەورو بەرەکەی دەگۆڕێ، لە هەڵبژاردنیش ئەم ناسناوە پاڵێوراوان بۆ بەدەست هێنانی دەنگ بەکاری دەهێنن، زۆربەی لایەنەکانی هەڵبژاردن ئەو کەسانە لەسەر لیستەکانیان دادەبەزێنن کە هەڵگری ئەم ناسناوەن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پایەی کە کۆمەڵگا بۆ هەڵگری ئەم ناسناوە دایناوە، نمونە:

**مەلا رعد نوری تۆفیق بارزان مەلا خالید**

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم ناسناوە بەپێی داتاکانی ئەم توێژینەوە ١٦٪ هەمو نیشانە کۆمەلایەتییەکان دەگرێتەوە کە بەپلەی سێیەم دێت لە بەکارهێناندا لای پاڵێوراوان .

**٢-١-٢ - ناسناوی ئەکادیمی :**

ناسناوە زانستییەکان کە خۆیان لە کورتکراوەی بروانامەکان دەبیننەوە لە هەژماری کۆمەڵگادا جێگەی دیاریان هەیە وەک (د ، پرۆفیسۆر، مامۆستا، مامۆستای زانکۆ، ..... )، ئەم نیشانانە وەک نیشانەی کۆمەلایەتی( بەکارهێنانیان لە پەیوەندی کردندا نرخ و ڕێز دەدات ) (هەمان سەرچاوە2014 : 149)، بەلام ئەگەر لەلایەن خودی قسەکەرەوە بەکاربێ (کە پاڵێوراوان ڕۆلی قسەکەر دەبینن) بۆ خۆناساندن و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشایەن زانینی دەنگ پێدانە، ئەم خۆبەشایەن زانینەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو بەها کەلتورییەی، کە بە بڕوانامە دراوە لە کۆمەڵگادا، چونکە (لە راستیدا زمان بەکۆدکردنی کەلتورە) ) (Claire Kramsch 1998:3)نمونە:

**مافپەروەر شێخ زاهیر خەیلانی.**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**پارێزەر عیشان عەلی بڵباس .**

**٢-١-٣- ناسناوی هۆز و عەشیرەت :**

لە هەڵبژاردندا هۆز و عشیرەت بەرێژەیەکی زۆر بەکاردێت کە بە پلەی یەکەم دێت، ٤٠٪ بەکار هێنانەکان دەگرێتەوە، بەکارهێنانی ئەم جۆر ناسناوانە لە هەڵبژاردندا نیشاندانی رێز و پێگە و دەسەڵات و قەوارەیە، بەتایبەتی ئەو عەشیرەتانەی کەلە کۆمەڵگادا پێگەی گرنگیان هەیە جا چ بەهۆی قوارەیان بێت یان بەهۆی شونپێیان بێت لە مێژوی بونیاد دا، بەکارهێنانی هۆز و عەشیرت لە هەڵبژاردندا ئاماژەیەکی زیندوە، کە تا ئیستا کۆمەڵگامان لەسەر بنەمای عەشیرەت و عەشیرەتگەرایی بریارەکانی دەدات ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم ناسناوەش زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوەکە٤٠٪ هەمو بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە بۆ پەرلەمان، نمونە : **لەنجە دزەیی** **عزیز ابراهیم عبدۆ گۆران .** **د ڤالا فەرید ابراهیم سیان .**

**حاجی سەفین گەردی .** **عەیشان علی بلباس.**

**٢-١-٤- شوێنی لەدایکبون :** هەڵبژاردنی شوێنی لە دایک بون یا شوێنێکی تایبەت، کە کاریگەری بەرچاوی هەیە لە دروست بونی ئەم ناسناوە (ساجدە عبدالله فەرهادی 2014: 11) بەکارهێنانی ئەم ناسناوە بە پلەی چوارەم دێت کە ١٥٪ بەکارهێنانەکان دەگریتەوە:

**پێشەوا هەورامی . هێمن هەورامی . مامۆستا ئەحمەد گەرمیانی .**

**ناسناوی کەسی و ڕەچەڵەک:** ناسناوی کەسی ئەو ناسناوانە دەگرێتەوە، کە تایبەتن بەتاکە کەسێک و کەس تێیدا بەشدار نییە رێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە ناسناوە ٢٪ ی بەکارهێنانەکانە ، وەک (**پەرێشان ، چاوشین**): **جەلال پەرێشان قادر چاوشین**

هەرچی ناسناوی رەچەڵەکە ئەو ناسناوانە دەگرێتەوە کە ڕەچەڵەک و بنەماڵەی بەربژێر نیشاندەدات ٢٪ ی بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە ، وەک (ئاغا ، نەقشبەندی ) : **فەرمان حسێن ئاغا**

هەندێ جار بەدوایکداهاتنی کۆمەڵی ناسناو لە گەڵ ناوی پاڵیورا بەهێزکردنی تایبەتمەندی ئەم پالێوراوە نیشان دەدات: **مەلا سەعید عبدولرەحمان گولی**


ڕەنگدانەوەی ناسناوەکان بەم ڕێژە بەرچاوە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، ئەوەدەردەخات، کە (زمان سیستەمێکی هێماییە بەهای ئەم هێمایانە لە کەلتور دەردەکەوێت، قسەکەر ئەم هێمایانە لەگەڵ یەکتری دەناسێتەوە کاتێک لە سیستەمی زمان بەکاریان دەهێنێ ، کەواتە زمان ئەو سیستەمە هێمایەیە کە ناسنامەی کۆمەڵ دەگەیەنێ )(Claire Kramsch 1998:3)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

### ٢-٣- ڕێژەی بەکارهێنانی نیشانەکۆمەڵایەتییەکان لەهەڵبژاردندا:

بۆ دەستەبەرکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی نیشانە کۆمەڵایەتیەکان پشتبەستراوە بەلیستی (١٨٣) ی (پ د ک) لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی (٢٠١٨) لە رۆژنامەی (خەبات) ٢٠١٨/٩/٢٦ ژ ٥٥٩٩. لەگەڵ چەند نمونەیەکی کەمی لیستەکانیتر ، ژمارەی کاندیدەکانی ئەم لیستە (١٠٠) کاندیدە هەروەک لەپاشکۆدا دیارە، کە لە دیاریکردنی ڕێژەی سەدی دا پشتیان پێ دەبەسترێ، هەروەک دەردەکەویت ڕێژەی بەکارهێنانی ناسناوی تیرە و هۆز بە پلەی یەکەم دێت، کە ٤٠٪ی بەربژێران پشتیان پێ بەستوە بۆ دەستەبەرکردنی دەنگ ، ئەم بەکارهێنانەش ئاماژەیە بۆ کاریگەری هۆز و عەشیرەت لە سەر بیری کۆمەڵگا.





بەکارهێنانی ناوی تایبەتی لەبانگەشدا لەو پۆستەرانەی کە دەستی ئێمە کەوتون (کە بەشێوەی ستاندارد داڕێژراون) بەپلەی دووەم دێت ، کە ١٧٪ی بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە ، بەڵام لەشێوە ئازادەکەدا ، کە لە شەقام هەڵدەواسران بەری نەبون لە بەکارهێنانی ناسناو ، هەروەها ناسراوی پاڵێوراو و سنوری پارێزگاکە ڕۆڵی لە چەندیەتی و چۆنیەتی بەکارهێنانی ناسناوەکە هەیە ، پارێزگای سلێمانی کەمتر پشت بەناسناوی هۆز و تیرە دەبەستێ ، بەراورد بەپارێزگاکانی تر .

ناسناوی ئاینی وەک نیشانەی کۆمەڵایەتی پلەی سێیەمی بەر دەکەوێت لە بەکارهێنانی لەلایەن پاڵێوراوان کە (١٦٪)ی بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵگا و کاریگەر بونی بە ئاین و پیاوی ئاینی .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ناسناوی ئاکادیمی بەپلەی چوارەم دێت لەم توێژینەوەیە دا ، کە ٦٪ی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنێ . لەدوای ئەم ناسناوە ناسناوەکانی کەسی و خزمایەتی و کۆمەڵایەتی (ڕەچەلەک) بەڕێژەی یەکسان دێت کە ٢٪ی بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە ، هەریەک لە ناسناوی ئاینی ، شوێن و ناوی تایبەتی و هۆز و عەشیرەت و کەسی کەلتور واتایان پێدەدات لە کۆمەڵگادا.

لەکۆی ١٠٠ بەربژێر تەنها١٧٪ ی بەربژێران نیشانە کۆمەڵایەتییەکانیان بەکار نەهێناوە کە لەشێوەی ناوی تایبەتی بەکار هاتون ، هەرچەندە هەندێ لەم ناوە تایبەتیانە لە شوێنی خۆیان ناسراون، واتە خاوەن نیشانەن ، لەبەرامبەردا ٨٣٪ی بەربژێران نیشانە کۆمەڵایەتییەکانیان بەکارهێناوە.





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ئەنجام :

لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامی کاریگەری نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لەبانگەشەی هەڵبژاردن رون دەبێتەوە:

١-ناسناوەکانی هۆز و تیرە و عەشیرەت لەکاراترین نیشانەکۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت لەبەکارهێنان دا لە بانگەشەی هەڵبژاردندا ، کە ٤٠٪ بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە،

٢- ناسناوی ئاینی بە پلەی دووەم دێت کە ١٦٪ بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە لەلایەن پاڵێوراوان .

٣- ناسناوی شوێن بەپلەی سێیەم دێت کە لەلایەن ١٥٪ بەربژێران بەکارهاتووە .

٤- ناسناوی ئەکادیمی لەلایەن ٦٪ بەربژێران بەکارهاتووە . ناسناوەکانی (کەسی و ڕەچەڵەک و خزمایەتی) لەپلەی بەکارهێناندا یەکسانن کە هەریەکەیان لەلایەن ٢٪ بەشداربووان بەکارهاتون.

٥-ڕۆڵی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لەبانگەشەی هەڵبژاردن دا، کارترە لە خودی کەسایەتی کاندیدەکە.

٦- ڕێژەی بەکارهێنانی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچەیەک بۆ یەکی تر دەگۆڕیت، ئەمەش ئاماژەیە بۆجیاوازی بیرکردنەوەی ئەم ناوچانە.

* ناسناوی (شەهید) لەبنەڕەتدا بۆ ڕێزە نەک بۆ(ستەملێکراوی)، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو کەسەنزیکەکانی شەهیدەکان، کە کاندیدن بەکاری دەهێنن وەک هۆکاری دەنگ ڕاکێشان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# الملامح الاجتماعية في الاعلانات الانتخابية

**شيلان عثمان عبدالرحمان بكر**

قسم اللغة الكردية، الكلية التربية الآساسية، جامعة صلاح الدين-اربيل، اقليم كردستان، عيراق.

ئيمەيل: **shelan.abdulrahman@su.edu.krd**

## ملخص البحث:

هذا البحث فيتكون من فصلين وكل فصل يتكون من المبحثين : ففي المبحث الأول يوضح مفهوم الخاصة بالعلامات والرموز الاجتماعية ، والقوة التضامن في الاعلان الانتخابي، تناول البحث كلا من القوة والتضامن وموضوعات القوة و التعاون ، و الاقران ، و المغلوبين و انعكاساتها في الاعلانات الانتخابية .

في فصل الثاني تم التوضيح لهيكلية العلامات الاجتماعية ، مثل الالقاب الدينية والعلمية و الاجتماعية و محل الولادة المنتخبين واسم العلم و الكنية التى و ضحناها في هذا البحث. اما في المبحث الاخر عرضنا قائمة المرشحين لانتخابات السنــة 2018 للحزب الدموقراطي الكردستاني ، التي احتوت (100) المرشحين ، ثم قمنا باستخراج النسبة المئوية للعلامات الاجتماعية ، اذ يتبين فيها استخدام الرموز الاجتماعية ، مثل الهوية العشائرية يأتي في المرتبة الاولى اذ احتلت 40% في هذه العلامات .

**الكلمات المفتاحية :** العلامات الاجتماعية، قوة والتضامن، الثقافة.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The social Diexes in the elector's Language

**Shelan Othman Abdulrahman Bakr**

Kurdish Language Department, College of Basic Education, Salahadden University,Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

E-mail: **shelan.abdulrahman@su.edu.krd**

**ABSTRACT:**

The above is the title of this study . The aim of the social diexes is to show its impact on the speech of its members . the social diexes include mam , khal , westa , haji , sheikh …etc in Kurdish. They are a branch of the ragmatic signs which composite of setting : time , place , person , text and social figures .

The language of propaganda in election is a kind of language used of praising which electors use to persuade voters . This study attempts to investigate that language in the process of election.

Readers expected interesting results , the study shows that 83% of the electors use this language in the posters while 17% of them neglected , do not use this language.

**Key Words:** Social Deixis, Power and Solidarity, Culture.

**سەرچاوەکان :**

ئاڤێستلا کەمال .2009 پرگماتیکی رستەی پرسیار و وەڵام نامەی ماستەر ز سلێمانی.

بەکر عومەر علی 2014، چەند لایەنێکی زمانەوانی ، هەولێر چاپخانەی هیڤی .

بێری یاسین حسێن ٢٠١٢، هەندێ لایەنی پراگماتیکی فراوان ماکرۆپڕگماتیک لەزمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ز . سەلاحەددین .

ڕێبین رەسول ئسماعیل و دیار عزیز شەریف 2004، ئەنترۆپۆلۆژیا، چاپخانەی رەنج .

خەبات (رۆژنامە)،٩/٢٨/ ٢٠١٨ ،ژ:٥٥٩٩.

ساجدە عبدالله فەرهادی ، پەروین عوسمان مستەفا2014، چەندلایەنێکی ناسناو لەزمانی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژ :33

شێرزاد سەبری عەلی 2014، پرگماتیک ، بلاوکراوە ی ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر.

طالب حوسێن٢٠١٤،زانستی زمان و زمانی کوردی،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر.

عبدالواحد مشیر دزەیی 2011 ،زانستی پڕاگماتیک ،هەولێر.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

عبدالواحید موشیر دزەیی، شێرزاد صەبری2013 ،زمانەوانی سیاسی ، هەولێر.

عبدالواحید موشیر دزەیی 2014 ، زانستی پراگماتیک ، هەولێر چ2

گێ دۆراندان ٢٠١١،پڕوپاگەندەوپڕوپاگەندەی سیاسی، و:دیدار ئەبوزێد،هەولێر.

محمد معروف فتاح 2011 زمانەوانی ،چ3 بلاوکراوە ی ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر.

هدی عبدالقادر قاسم 2015 ، سیمانتیک وپراگماتیکا ئیدیۆمان د زمانی کوردیدا ، نامەی ماستر ، ز دهۆک .

هۆشیارمزەفەر عەلی: 2011 ،پەیوەندییە گشتییەکاندەروازەیەک ، هەولێر، دەزگای موکریان .

هۆگر مەحمود فەرەج 2000،پراگماتیک و واتاو نیشانەکان ، نامەی دکتۆرا.

جون سیر 2006،العقل واللغة والمجتمع الفلسفه فی العلم الواقع ، ت : سعید الغانمی ، دار العلوم – ناشیرون، جزائر ، جزائر.

طاهیر محسن الغالبی (د) ،احمد شاكر العسكری (د) 2006 ، الاعلان مدخل تطبیقی ،عمان ، دار الوائل.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper2 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

عبدالصبور الشاهين1980:فى علم اللغه العام ، طبعه الثانيه مؤسسه ارساله ،بيروت .

نايف خرما 1978، اضواء على الدراسات اللغويه المعاصره ،عالم المعرفه،كويت.

هدسن 1987، علم اللغه الاجتماعى، ت :محمود عبدالغنى عياد ،دار الشؤن الثقافة ، بغداد.

Claire Kramsch 1998 , Language and Culture, Oxford introductions to language study , Oxford New York.

(http://www.sfu.ca/mcrobbie/Ling309/lecture10.)